# بۆ/ هه ر كەسێک ژیانی مرڤایەتی لا مەبەستە !

باوکی کارۆ/ سوێد

بەشی یەکەم.

**مرۆڤ کائینێکی موقەددەسە.هزروهۆشی زاڵە بە سەر پێکهاتەکانی گەردوون دا!بۆیە مرۆڤ شیاوی ڕێزە نەک بەزەیی وپێویستە مافی پارێزراو بێت.**

خوێنەری ئازیز ئەم بابەتەی دەیخوێنیتەوە پێناسەیەکی کورتە لە سەر یەکێک لە سەر سەختترین نەخۆشییە بۆ ماوەکان(وراثی) کە بە ناوە پزیشکیەکەی پێی دەوترێ{Thalaseamia- ثالاسیما} واتا کەم خوێنی.
ئەم نەخۆشییە جۆرێکە لە نەخۆشییەکانی کۆمەڵەی خوێن. بە پێ ی زانیاریەکانی کۆمەڵناسی ئەم جۆرە نەخۆشییە لە ناوچەی قبرس و دەریای سپی ناوەڕاستەوە سەری هەڵداوەو بەرەو کوردستان، بەتایبەت باشوور. هەروەها عێراق وبەشێ لەووڵاتانی عەرەبی تەشەنەی سەندوە.ئەمەو ووڵاتانی گەرمە سێرو ووڵاتانی دەوروبەری دەریای سپی تا ڕادەیەک بە دەم ئەو دەردەوە دەناڵێنن.! هەر بۆیەش بە عەرەبی پێی دەوترێ( فقر ألدم من بحر ألأ بيض ألمتوسط ).
ئەوەی شیاوی باسە ئەم نەخۆشییە بە هیچ جۆرێک لە ووڵاتانی ئۆروپا بوونی نیە!!؟

## - چۆنیێتی توش بوون بە نەخۆشی ثالاسیما:

ئەم نەخۆشیە زیاتر وراثیيەو نەخۆشەکە هەر بە منالی تووش دەبێ... یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی تووش بوون بەم نەخۆشیە،مەسەلەی زەواجی خزمێنەیە.واتا ژن هێنان یا شووکردن لە نیوان{ئامۆزا- پورزا- خالۆزا}دا.جگە لەوەش گرنگی نەدان بە شیکار(فحس)ی خوێن لە کاتی زەواج کردن دا، تا دەرکەوێ ئایا ئەو کچ و کوڕە یان ئەو ژن و پیاوە تا چ ڕادەیەک خوێنیان بۆ
یەک گونجاوە.بۆیە زەروورە شیکاری خوێن لە تاقیگەیەکی ڕاست و دروست ئەنجام بدرێ ،بەتایبەت هەر لە سەرەتای پێکهوەنانی خێزانەوە.

## - جۆرەکانی نەخۆشی ثالاسیما:

ثالاسیما بۆ خۆی عیلمییەن دوو جۆری هە یە: جۆری یەکەم> ثالاسیما مایجر واتا کەم خوێنی قورس یا گەورە.
جۆری دووەم> ثالاثیما ماینر واتا کەم خوێنی سووک یان بچووک.هەندێ جار وا ڕێک دەکەێ جۆری ناوەراست(وسط)یشیان هە یە.هەرلە گرووپی جۆرە قورسەکەیەتی.! هەرچی لە گرووپی ماینەرە واتا جۆرە سووکەکە پێویستییان بە خوێن نیە.بەڵام بەردەوام لە سیمایان دا کەم خوێنی دیارە.قەتیش خوێنی ناگاتە ئاستی کەسانی نۆرماڵ، یان پڕ خوێن.بەڵام هەرچی لە جۆری مایجرە واتا قورسەکە،ئەمە بەردەوام هەر دوو هەفتە تا سێ هەفتە جارێ خوێنی دەوێ.دەبێ لە یەکەی تایبەتی خوێن تێکردن خوێنی بۆ هەڵبواسرێ.ئەگین دەمرێ!هەتا گەر لە کاتی دیاری کراوی خۆیشی دوا بخرێ لەو خوێن تێکردنە،تووشی هەو کردنی ئێسک و هەڵاوسانی جومگە دەبێ.لە ماوەیەکی کەم دا کەسە توش بووەکە دیکۆری سەرو چاوی تێک دەچێت و پاشانیش دەمرێ.!

## - چۆنییێتی چارەسەری ثالاسیما:

دوو ڕێگا چارە بۆ چارەسەری کەم خوێنی ثالاسیما هەیە :
یەکەم:خوێن بۆ هەڵواسین(تێکردن)لە جۆری گرووپی خوێنی خۆی.کە ئەمەش چارەسەرێکی کاتی یەو هەر بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی نەخۆشەکەیە یان باشتر بڵێم بۆ تاڕادەیەک دوورخستنەوەیەتی لە مردن بۆ ماوەیەک.!!!! ئەویش بەمەرجێک هەم لە کاتی خۆیدا خوێنەکەی بدرێتێ و هە میش دەرزی دیسفیراڵ.Desferal 500mg بەکاربهێنێ.

ئەمە چارەسەرێکی کاتییە و تا ئێستا لە وولاتی ئێمە و هە موو ڕۆژهەڵاتی ناوین هێشتا ئەو جۆرە عیلاجە باوە، کە ئەوەش تەنها(گولاجە نەک عیلاج).!!!!!!!!!!! لێرەدا گەر بێت و لە گەڵ خوێنەکەو پاش خوێن تێکردنەکەش ئەو دەرزیەی بۆ نەکرێ، ئەوا ڕێژەی ئاسن لە لەشدا بەرز دەبێتەوەو لە ناو خانەکانی جگەرو سپڵ و دڵ ئەو ئاسنە لەنگەر دەگرێ. بە تایبەتی لە سپڵدا کە بۆخۆی گۆڕستانی خڕۆکە مردووەکانی خوێنە!!.ئاشکراشە کە ماددەی ئاسن(Airon)یەکێکە لە پێکهاتە نزوێنەرەکانی کۆمەڵەی خوێن.

زۆر جارو زۆر نەخۆش لە ئاکامی بەکار نەهێنانی یان کەم بەکار هێنانی یان خراپ بەکار هێنانی **ئامپوڵی دیسفیر اڵ دا** دەبینین نەخۆشەکە **سپڵ ی** گەورە دەبێت و تا کار دەگاتە ئەوەی لە لایەن **د. تاهیر هە ورامی**یەوە قەسابی بکرێ و **سپڵەکەی** دەربهێندرێ و فڕێ بدرێ.!؟ کە ئەوەش بۆ خۆی چارەسەرێکی ناچاریی یە.ئەوەی جێ ی سەرنجە ئەو ئامپولی دیسفراڵە نە دەکرێ لە **سمتەوە** بەکاربهێنرێت و نە دهشکرێ لە وەریدەوە.! بەڵکو تەنها لە ڕێگای **پەمپ** ی تایبەتەوە. چونکە گەر وانەبێ نەخۆشەکە هیچ سوود لە **دیسفیراڵە**کە وەرناگرێ.!

ئەو**پەمپە** لە نەخۆشخانەی **کۆمەڵەی ثالاسیمای کوردستان** لە سلێمانی هەیە.بەڵام لە بەر ئەوەی کەمە بەر منالّی هەژاران و دوورەدەستان ناکەوێ.کە ئەوەش دوایی دێمە سەری...
دیارە نسبەو جەستەی نەخۆشێک بۆ نەخۆشێکی تر دەگۆڕێ بۆ خوێن تێکردن!بە گشتی تووش بووەکە تا منداڵ بێت کەمترو درەنگ تر خوێنی دەوێ، تا گەورەش بێت زیاتری پێویستە.بەڵام وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەەیەکم پێ کردوە هەندێ جارو هەندێ کەس هەن بە **وسط** تووش بوونە، ئەگەر چی ئەو جۆرەش هەر لە گروپی گرانە بەڵام باشترە.بۆیە بەناوەند(**mellan**)دەخەمڵێندرێ. خولاسە:ئەوەش کۆمەڵێ خاسییەتی ئیجابی هە یە لەوانە/ کەمترو درەنگ تر خوێنی دەوێ ـ کەمتر نیشانەکانی ثالاسیما لە ڕوخساری دا دەردەکەوێت. ـ نەش و نماوجووڵەی باشترە.

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەو تاڕادەیەک دایک و باوک. چونکە ئەوەشمان لە بیر نەچێ داک و بابەکە هەریەکەو بۆ خۆی ڕێژەیەک لە **ثلاثیما** یان لە لە ش دایەو بە {**ثالاثیما ماینەر**} ناسراوەو ئەو جۆرەیە کە خوین ی ناوێ.بەڵام زۆر جار دایکەکە لە کاتی دووگیان یان منالّ بوون دا خوێنی پێویست دەبێت. لێرەدا دەبینین ئەو ڕێژە کەمەی ثالاسیما کە لە دایکەکەدا هە یە+ ئەو ڕیژە
کەمەی کە لە باوکەکەدا هە یە = دەکاتە یەو ڕێژە زۆرەی کە لە منالّەکەدا دروست بووە.واتا لە جۆری **ثالاسیما ماجر**.!.
وەکو موعادەلەیەکی فیزیکی و ماتماتیکی:**ماینەر+ماینەر= مایجر** کە بە سوێدی پێی دەڵێن: **Thalassemia Major**یان **blodsjukdom**.کە ئەوەش ئاکامی شەڕی نێوان خڕۆکە سپییەکان و خڕۆکە سورەکان ی خوێنە.سپیەکان،سوورەکان دەشکێنن و ناهێڵن خڕۆکە سوورەکان تا ئاستی کاڵ بوون بژیێن تا خوێن دروست ببێ. نەتیجەش ئەو وەزعە دروست دەبێت و ئیتر ئەو جۆرە نەخۆشیە بەر هەر کەسێک بکەوێت ولە هەر ماڵێک دا ببێت، مەگەر هەر هاودەردەکەی لە حالّی تێ بگات.!کە بەداخەوە ئەو نەخۆشییە لە کورستانی ئیمەشدا بە تەواوی گەشەی کردووەوڕەنگە نزیکەی **700تا 800**منداڵێک لە کوردستان بەو نەخۆشییوە بناڵێنێ.!